# ئاوێزان بوون لە چەند دەقێکی شیعری هاوچەرخی کورد یدا
# بە نموونەی شیعری
# ( شێرکۆ بێکەس و ڕێبوار سیوەیلی ، عەبدوولخالق سەرسام و قوبادی جەلی زادە )

**م.ی پەروین عبداللە خضر**
**زانکۆی سەلاحەددین**
**فاکەلتی پەروەردە بنەرەتی**
**بەشی کوردی**

**پێشەکی:**

ئاووێزان بوونی دەق و وێنەکان لەناو دەقی ئەدەبی و لەنێوان شاعیراندا ، دیاردەیەکی نامۆ و ناوێز نییە هەرلەڕۆژگاری زووەوە وەربگرین تا ئەمرۆش . مرۆڤ ، کەلەدایك دەبێت کۆمەڵێ خەسڵەتی تێدایە ، خەسڵەتەکان خۆڕسکن، بەلاّم بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و ئەو ژینگەییەی کە تێدا دەژێت کۆمەڵی خەسڵەتی تری پێدەبەخشی ئەویش پێدەوتریت وەرگیراو، (خۆڕسك ـ وەرگیراوە) واتا (فگری ـ المكتسبه) هەردوو خەسڵەت کەسایەتی مروڤ دیاردەکەن . زۆرجار دەبینین مرۆڤەکان لەروو کەشەوە لەیەکتری دەچن ، یەکسایەتییەکانیش تا رادەیەك لەیەکتری نزیك دەبن .

ئەدەب چالاکییەکی مرۆییە پەیوەندی بەڕادەی هۆشیاری تاکەکەسی هەیە . بۆیە ناتوانین بێبەشی بکەین لەوهاوبەشییە، ئەدەب ، ئایدیا ، هونەر ، فەلسەفە و.....تاد ، هەرچەندە دوور و نامۆ و ناوێزە بن لە یەکتری ، بەلاّم هێڵێك هەیە بیانگەیەنێتە یەك و بەیەکتریان ببەستێتەوە ، یان لە چەند جەمسەرێکدا خاڵێك کۆیان بکاتەوە.

ئاوێزان بوونی دەق لەنێوان شاعیراندا بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبێت . ئەوەش لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆر و تێڕامانێکی هزری زۆر ، یان سەرسام بوونی یەکێکیان بەئەوەی تریان پەیدادەبێت . سەرسام بوونەکەش هزرییە ، کۆمەلاّیەتییە ، ڕامیارییە ، زمانەوانییە، یان فۆڕمی دەرەوەی دەقەکە ، ئەمەش لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆری دەقی شاعیرییەکەمەوە دێتە ئاراوە، بەلاّم خوێنەر بەئاسانی هەست بە نزیکی ئایدیا هەر دوو نووسەرەکە دەکات بەمەرجێ خوێنەرەکە لە چینێکی دەستەبژێر بێت و شارەزایی لەدنیای ئەدەبدا هەبێت ، یان ئاگاداری ڕۆشنبیری دوێنی و ئەمڕۆکە دابێت .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم دیاردەیە تەنیا لە ناو ئەدەبی هاوچەرخدا نییە ، ئەدەبی هاوچەرخ درێژە پێدانی ڕێچکەی شیعری کۆنە ، هەر قۆناغە و بەجۆری لە فۆرم و ناوەرۆکەوەدا خۆی نواندوە. ئەوەدیاردەیە بووەتە هۆی هەناسەدرێژی شیعر، کە تائێستا بەگڕو تینەوە لەمەیدان بێت . ئەو نۆی بوونەوەیەی کەوا شیعر بەخۆیەوە دەیبینی، کە تا ئەمرۆ چەندین قۆناغی بڕیوە ، بەلام چییەتی خۆی لەدەست نەداوە بەدەنگ و ڕەنگێکی جیا دێتە مەیدان.

**هۆی هەڵبژاردن و سنووری بابەتەکە**

بێگومان ئاوێزان دەقەکان لەگەڵ یەکتری دیاردەیەکی گرنگە، ئەگەر شاعیران بەیەکتری سەرسام نەبوونایە ، ڕێچکەی شیعری کۆتایی دەهات ، هەتا ئەمرۆ بە زیندوویی نەدەمایەوە . لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسنووری ئاوێزان بوون بوونی هەیە چەندین لێکۆلینەوە نامەی ماستەرو دکتورای لەسەرنووسراوە ، بەلام بەدەگمەن باس لەئاوێزان بوونی شیعری هاوچەرخدا دەکرێت .

هێڵی کارکردنم ، من کارم لەسەرچوار شاعیر وچوار دەقی شیعری هاوچەرخدا کردووە . هەرچەندە وێنەی زۆر هەیە، بەلام من تەنیا ئەو چوار دەقەم وەرگرتووە، کە نموونەبێت بۆ ئەدەبی هاوچەرخ .

ئاوێزان بوونی دەقی شاعیرانی کوردە لەسەر یەکتری هۆکاریگە بۆ بەهێز بوونی شاعیرەکان و دەقەکانیان ، ئەگەر چی دەقەکانیان لەیەکتر دەچن ، بەلام هەنگاوی باشیان ناوە توانیویانە فەرهەنگی ئەدەبی و شیعری دەولەمەند بکەن . هەر شاعیرە و هزر وئایدیای خۆی لەنێو دەقەکەپراکتیزە دەکات بەدەنگ و ڕەنگێکی تر خۆی نمایش دەکات و توانای داهێنانی خۆی پتر دەر دەخات وبەشێوازێکی تر لەنێو مەیدانی ئەدەب دێنێتەکایەوە .

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە**

پلانی باسەکەم لەدووبەش سەرەکی ، پێشەکی و ئەنجام پێکهاتووە : ـ

**لەپێشەکیدا:** زۆربەکورتی باسی و ئاوێزان بوونمان کردووە، هۆی هەڵبژاردنی و سنووری کارکردنی ئەم بابەتەم ڕوون کردۆتەوە .

**لەبەشی یەکەمدا:**

ئاوێزان بوونی لەنێوان دوو دەقی شیعری دەخەمە ڕوو . ئەویش ( دەنکە زیخێ ) شێرکۆ بێکەسە لەگەڵ پارچەی ( ٣ )، ( لەزمانی عەشق ، زەمەنی ئەنفالی ) ڕێبوار سیوەیلییە. هەر دوو دەقەکە دەخەینەڕوو. لایەنی لێکچوو لە دەقەکان دیاری دەکەین، لەگەڵ مەبەستی شاعیران و هەندێ لایەنی جیاوازیش دیاری دەکەین .

**لەبەشی دووەمدا :**

ئاوێزان بوونی شیعری (هەسان )ی عبدالخالق سەرسام لەگەڵ ( ئێوارەیەك لە کۆرنیش دا)ی قوبادی جەلی زادە بەهەمان شێوە دەقەکان شیدەکەینەوە زیاتر جەخت لەسەر وێنەی هاوبەش و لایەنە لێکچووەکە دەکەینەوە لەگەڵ کەمێك لەجیاوازیەکەیان دەخەینە ڕوو .

**میتودی لێکۆڵینەوەکە :**

میتودێکی شیکارییە هەر چوار دەقەکە بەوردی شیدەکەمەوە، وێنەهاوبەشەکان دیاری دەکەم و چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کەرستەو وێنەکان دەخەمەڕوو .

**بەشی یەکەم:**

**دەقی شیعری (دەنکە زیخ ) ی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ دەقی ( ٣ ) ی ڕێبوار سیوەیلیدا**

شیعر زمانی خۆشەویستیی و ویژدانە لەناخێکی بەسۆزەوە هەڵدەقوڵێت لەگەڵێك کاتدا زمانی حاڵی کارای شیعرییە، خودیەتی کارای شیعر لەدەقێکدا بەیان دەکات لەڕێگای دەقەکانەوە توانای ئاشنابوونی ئایدیا و هزر و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارای شیعریمان هەیە ، پەیوەندیەکی پتەو لە نیوان خود و هزرە دا هەیە وابەستەن بەیەکتری .

خود ←—— دەق ——← هزر دەق دەبێتە چەقی دۆزینەوەی بیرۆکە و خودیەت ، ئینجا ئەو دەقە لەئاگایی بووندا، یان لەنائاگاییەوە لەدایك بووبێت . هەندێك جاریش زەمەن پردێك لەنێوان ڕابردوو و دەق بنیات دەنێت وا لەکارای شیعر دەکات لە نائاگا یەوە بمێنێتەوە لەناکاو خاڵێك دەبێتە بنەمایەك ، یان هۆکارێك بۆگەڕانەوە و ئاگالێبوون .

هەندێ جاریش پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ، شارستانی ، پەروەردەی خێزان و لایەنە کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێك وا لەمرۆڤ دەکات کە گرنگی بەهەندێ دیاردە نەدات بەتایبەتی ئەو دیاردانەی کەکاتێکی زۆری بەسەر تێپەڕیوە لەدید و بیری ئێمەدا دەقی گرتووە ، یان بەکارمان نەهێناوە ،یان بەهاو پلەی کۆمەلایەتی هێندە نییە ، هەتا لەمێشك وبیرماندا شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین لە یاد کردنەوەی نزیکدا ( ژاکرەالقصیرە ) تۆماری بکەین ئەویش دیاردەی بچووکە ، یان شتی بچووکە ، بۆیە هەردەم لەشتە بچووکەکان بێ ئاگاین و بەهای لامان بنیات نەنراوە ، یان کەسایەتییەکی لەلامان دروست نەبووە، بۆیە لە فەرهەنگی هزرمان دوور خراوەتەوە. شێرکۆبێکەس لەشیعری ( دەنکە زیخ ) ئەو وێنە سوواوەی مێشکمان هەڵدەگێرێتەوە ئەوەمان فێردەکات زورجار شتی بجووك و فراموشکراو رەنگە یاسای ژیانمان و ئاراستەکەی بگۆڕێت .

ئەوەی لەو بەشەدا باسی لێوە دەکرێت ئاوێزان بونی وێنەو بیرۆکەومادەکانە لە دەقی شیعری (دەنکە زیخ ) ی شێرکۆ بێکەسە لەدیوانی ( شێرکۆ بێکەس ) دا، بەرگی دووەم ، لەلاپەڕەی (٧٦٥) دا بڵاوکراوەتەوە کەوتووتە بەشی (ئاوینە بچکۆلەکانم). لەساڵی (٢٠٠٩) لەسوید چاپکراوە ، دەقە شیعرەکە لەساڵی ١٩٨٩دا نووسراوە. لەگەڵ شیعرێکی ڕێبوار سیوەیلی لە کتێبی ( زمانی عەشق ، زەمەنی ئەنفال ) کۆی لاپەڕەکانی ئەم دیوانە ( ١٨٨ ) لاپەڕەیە . ئەم کتێبەلە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بەناوی (قەسیدەی زمانی عەشق ، زەمەنی ئەنفال ) بەشی دووەم بەناوی (اعتراف و زهرخند ) (اشعاری عاشقانە ) کەلەساڵی (١٩٨٩ ـ ٢٠٠٠ ) نووسیوێتی . بەشی سێیەم بەناوی ( شیعرە سات ) لەساڵی (١٩٩٧ ـ ٢٠٠٠ ) نووسیوێتی. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەبەشی شیعرەسات پارچە شیعری (٣) یەمە لەلاپەڕەی( ١٤٨ ) دا هاتووە . ئەگەر لە دەقی ئاوێزان یان ئاوێتە بوونی دەق لەئەدەبی هاوچەرخدا بڕ وانین ئەم کردارە لەچەند ئارستەیەك خوی دەبینێتەوە وەك ( ژانرێکی ئەدەبی لەگەل ژانرێکی ئەدەبی تر وەکو شیعر + شیعر، شیعر+ پەخشان ...، ( ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ ژانرێکی هونەری وەکو دراما ، وێنە ....) . ئەوەی ئیمە مەبەستمانە لەم لێکۆلینەوەدا دەقی شیعرە لەسەر دەقێکی شیعری تر.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێرکۆبێکەس دەڵێ : ـ

دەنکە زیخێکی کوردستان

لەکەیەوە؟چۆن؟ نازانم!

پەڕیوە لۆچی گیرفانی چاکە تێکم

ئەمڕۆ ڕێکەوت دۆزیمەوە

دەرم هێنا و ماچم کرد و

کردم بە بەردی کەعبەی گشت

شیعرەکانم! (١)

**دیوانی شێرکۆ بێکەس**

شاعیر مادەیەکی هەستپێکرا وی بچووکی فرامۆشکرا و دەکاتە کلیلی کردنەوەی دەقەکەی ، لەو بێ هێزی و شارا وەیەوە کێشی دەکات بۆ جەمسەرێکی موگناتیسی، تەزووی هێز لەباکوورەوە بەرەو باشووری دەبات بۆ ئەوەی هێزێکی کارەباییی دروست بکات ، بەهەمان شێوەش شاعیرلەدەقێکی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ دال و مەدلوول دەکات هەمان هێزی هەیە و پیرۆزیێك بەمادەکان دەبەخشێت ، لەپشت هەر مادەیەك نهێنیەکی گەورە خۆی حەشاردەدات ،شاعیر پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوانیاندا دروست دەکات و لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە . شاعیر ئەو شتەی لەفەرهەنگی بیرودیدی ئێمە دابوونی کزە، یان بوونی نییە . تیشکی دەخاتە سەر و دەیخاتە بەدیدە وهزرمان . دەیەوێت لەقالبە دەق گرتووەکەی دەریبهێنێت . گیان بە بەر وشە و واتاکان بهێنێت و گڕوتین و هێزو پیرۆزییەکی پێببەخشێت . ئەم دوو جەمسەرە دژە چۆن وەکو موگناتیس کیشیان دەکات .(دەنکە زیخ + کوردستان ) =بە بەردی کەعبە. ئەو وشانەی لەشیعردا پیرۆزە ، ماناو مەبەستەکەی ڕەنگە پیرۆز نەبێت ، بەڵکو بۆ دەربڕینی ماناکەیە مانای دەق پتر نیشان دەدات لەوەی لەواقیعدا هەیە ، تەم ومژ ، پێچ وپەنا ، یان رەمز زۆر جار بەلایەنی باشی دەق دەستنیشان دەکرێت .

ڕەسووڵ هەمزە تۆف لەداغستانی من دەڵێ : باوکم دەیگوت : ( درەختی بچووکیش باغچەی پێدەڕازێتەوە )(٢) هێزیکی وروژێنەر و کاریگەر دەشێ لەقەبارەیەکی بچووك چاوەڕوان بکرێ . بەها و نرخ لەمادەکە خۆیەتی ، یان لەمدلوولەکەیە. کارای شیعری دەنکە زیخێك بەرەو چ ئاستێك دەبات ((ئەندیشەی ئێستێتیکی ئەو ئەندیشەیەیە، کەوێنەی شتی بچووك و فەرامۆشکراوەکان دەکێشی و لەئاستی خۆی بەرزتریان دەکاتەوە و وا لەخوێنەر دەکات بەچاوێکی تر بۆیان بڕوانێ ))(٣) ڕوانینێك جیبیا لەو ڕوانینەی کە دیدی مرۆڤی ئاسایی هەیە ، ئەو مادەیە تێکەڵ بە خەیاڵ و سۆزی شاعیردەبێت بۆ چەند جارێك لە هزریدا ئاوێتەی دەکات بۆ جارێکی تر وێنەیەکی تری پێ لەدایك دەبێتەوە ، ئەگەر سەیری دەنکە زیخی( شێرکۆ) بکەین جیا لە دەنکە زیخی( گۆران ) خۆی نمایش دەکات کەچی هەردووکیان یەك مادەن. گۆران دەڵێ :

کانی یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو

لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ وچەو (٤)

لای ( گۆران ) ئەو دیمەنە جوانە وا دەکات شاعیر تامەزرۆی وڵات ونشتیمانی خۆی بێت ، بەڵام ( شێرکۆ) لەدەنکە زیخێك هەموو کوردستانی تێدا بەدی دەکات، کەسایەتیەکی بەهێز بە دەنکە زیخ دەبەخشێ ، بوونی بەهای مادەکە لەناو خودی مادەکە دایە ، بەڵام بەخشینی بەها لەبەهای خۆی زیاتر لەدەستی نووسەرەکە دایە ، واتا بەهرە و دەست ڕەنگینی شاعیر هۆکارێکی تری ئەم بەهایەن . فەرهەنگی زمان ، خەیاڵ و ئەندێشە بڕیار لەسەر دەقەکە دەدەن ، واتا لە ڕێگای بەکار هێنانییەوە بوون و بەها بەشتەکان دەبەخشن. زۆرجار ئەوە بەخەیاڵمان دادێ شاعیر هێندەبەهای بەمادەکە بەخشیوە دەبێت خۆی لەقەرەی ڕەوانبێژی نەدابێ ، ئایا کۆمەڵگای ئێمە ئەوە وەردەگرێت ، یان لەلای ئێمە وەکو نەریت وەردەگیرێت ، شتێکی بچووك بەکەعبەی پیرۆز بچوێنین ، ئەمە لەخانەی ڕەوانبێژیدا دەچێتە خانەی هووشەکاری (الاغراق ) ، زیاد لە پێویست بەهای بە مادەکە بەخشیوە.

نامۆ بوونی جوگرافی پەیوەندیەکی روحی لەناخودەروونی بەرامبەر پەیدادەکات ، ئەگەرچی شاعیر یاخود مرۆڤ، بونەوەرێکی لاوازە ونامۆیە بەژینگەو دەوروبەرەکەی ، بەلام (( بەهۆی هەڵکەندن وگواستنەوەی بەزۆرە ملێەوە لەژینگەیەکەوەبۆ ژینگەیەکی ترياخودلەجوگرافيايەکەوە بۆ جوگرافیایەکی تر نامۆیەکەی قوڵتر دەبێت تووشی نامۆ بوونێکی سەرتاسەری دەبێت ))(٥) دووری شاعیر لە زێدی خۆی بووەتە هۆکاریك کە زیاد لە پێویست گرنگی

بەزیخ بدات خۆی دەڵێت ((من جگە لە غوربەتەجوگرافیە ، هەمیشە غوربەتی نەتەوەیشم لەگەڵ دابووە)) (٦) . تاراوگە ئەو دەسەڵاتەی بە شاعیر بەخشیوە بیر لەو شتە بچووك و ناوێزانی وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە .( شوێن ، کات ) دەستنیشانی ڕووداوەکان دەکات ، شوێن تاراوگەیە لەکاتی ئیستادا ئەم کاتەش چەقی بیرکردنەوەیە رابردووش کێش دەکەن بەهەموو کەرستەکانیەوە چ مادی چ ئەبستراکت بێت . شوێن بۆشاییی لەژیانی شاعیر دروست دەکات ، بۆشایی جوگرافی ، یان نەتەوەیی ،ئەم بۆشاییە کۆنترۆلی بیروکەساییەتی شاعیری کردووە، بۆیە چێژ لە هەموو ئەو شتانە وەردەگرێت کەبەر دیدی ناکەوێت . ڕێبوار دەڵێ :

جارێك نوقڵێکت دامی
خستمە گیرفانی پاڵتۆکەمەوە.
کە هاوین تێپەڕی و تۆ ڕۆیشتیەوە
من هەموو شتێکم لەبیرکرد.. (٧)

(نوقڵ) مادەیەکی بەرجەستەیە ئاماژەیە بۆخۆشی و چێژ بووەتە خالی بەهێزی دەقەکە، شاعیر لەدەقەکەدا دیالۆگێك لەنێوان خۆی وخۆشەویستەکەی دروست دەکات . ئەمیش بەشێوەی جێناوی لکاو بوونی دەسەلمێنێت. لەهەمان کاتدا شاعیر تەکنیکیکی تری بەکارهیناوە ڕووی لە گێڕانەوە کردووە ، کە بنەمایەکە لە بنەماکانی چیرۆك. ئەوەی گرنگە دوومادە خراوەتە تای تەرازوو (زیخ، نوقڵ ) ئەگەر لەدەرەوەی دەق ئەم دوومادەیە ، یان لەناو فەرهەنگدا بەراووردیان بکەین دەبینین وشە(( لەناو فەرهەنگدا بەیەك مانا سنوور دارە)) (٨) واتا داڵێك بەرامبەر یەك مەدلولە ، ئاستی جیاوازی زمان لەناو لەناو فەرهەنگدا نییە ( زیخ ) خاکە مادەیەکە بەرهەستمان دەکەوێت بێ گیانە ، بێ تامە بەچاوی مرۆڤێکی ئاسایی هیچ جوانییەك تێیدا بەرجەستە نابێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(نوقڵ ) یش مادەیەکی بەرجەستەیە ، بێ گیانە ، بەڵام لەزەت وتام وچێژێکی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمە لەدەرەوەی دەقدا ، بەڵام لەناو هەر دوو دەقەکەمادەکان پیرۆزییان زیاد لەپێویست پێبەخشراوە .

لای( شێرکۆ ) خۆشەویستی نیشتمان ئەو هێز وگڕوتینەی داوە بە( زیخ ) تاببێتە پەرستگایەکی ئەبەدی ، لای( ڕێبوار ) ئافرەت ئەوهێزە و پیرۆزەیەی بە( نوقڵ) بەخشیوە. لە ڕوانگەیەکی تـرەوە خۆشەویستی ئافرەت بەشێکە لەخۆشەویستی خاك و نیشتمان ، واتا وەکو دڵۆپێك وایەلە دەریا ، ئافرەت ئەندامێکە لەسەر ئەوخاکەدا دەژین .لای ( شێرکۆ ) گشتە ( الکل ) ، لای( ڕێبوار ) بەشە ( الجزء ) کلیلی کردنەوەی هەردوو دەقەکان ( زیخ ، نوقڵ )ە ، ئەو دوومادەیە هەردووکیان کاراکتەری سەرەکی دەقەکەن ، ئەگەر وەکو فیلمێکی سینەمایی ، یان درامایەك سەیری بکەین دەبینین کۆتایی هەردووکیان لەژێر کاریگەری ئەو کارەکتەرانەن کۆتاییەکەیان کۆتاییەکی خۆشە و مژدە بەخشە . لە ڕووی کاتەوە هەر دووکییان بەکاتێکی فیزیکی دەست پێدەکەن ، کات و چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە بەنادیاری بەیانکراوە .

دەقەکە زیاتر شێوازی (نادیار و پرسیار) باڵی بەسەر کێشاوە دەتوانین ئەمەش بۆئەوە بگەڕێنینەوە ئەوکات و سەردەمەی کە کارای شیعری تێدا ژیاوە بارودۆخێکی نائارام بووە ، بۆیە هەموو شتەکان بەشێوەی پرسیار دەخاتە ڕوو. شاعیر وێڵە بەدوای زانینی شتەکان و حەز بەئاشنابوونی شتەکان دەکات . زانین پرۆسەیەکە لە ئەنجامی وروژاندنی کارەکە دیاری دەکرێت ، مرۆڤ، لە ڕێگای ئەندامەکانی هەستییەوە درك بە بوونی کارەکان ، یان مادەکان دەکات شتەکان بەڵێلی نامنێتەوە پێ ئاشنا دەبێت بەمەرجێ ئەندامەکانی هەست کەم کوری تێدانەبێت ، بۆیە شاعیر ( پەیڤ و هێما ) ی پرسی بەکار هێناوە. لای زمانەوانەکان ((نیشانەی پرسیارگەڕانە،یان داواکردنی زانست و زانیارییە بۆئەوەی لەناوەڕۆکی شتەکان تێبگات کە پێشتر نەزانراوە )) (٩) . لەلایەکی ترەوە ئەو هەموو پرسیار کردنە دەقەکەی بەرەو شێوازی درامی دەبات لێرەدا شاعیر سوودی لەتەکنیکی دراما وەرگرتووە، دەبینین ئاراستەکەی نەزانراوە ( کات ، شوێن ، ڕووداو ) هەموو ئەمانە بە شاراوەی ماونەتەوە ، بۆیە شاعیر لەگەل خودی خۆی هاتییتە دووانـدن ، خۆدووانـدن کاتێك دێتە ئاراوە کەناخ نا ئارام بێت و هزرو مێشکی مرۆڤ، هێندە جەنجاڵ بێت کاریگەری لەسەرجەستەوەدەروونی مرۆڤ، دروست دەکات لەو کاتەدا مرۆڤ، پێویستی بەتاڵ کردنەوە یە ، بۆ ئەوەی لەو پاڵە پەستوییەی مێشك و دڵو دەروون رزگاری ببێت تا ناخ ئارام بێتەوە ئەو کاتە هەموو ئەو شتانەی لەلات نەناسراو نامۆیە پێ ئاشنا دەبیتەوە دەروونت ئارام دەبێتەوە توانای بیرکردنەوەت دەبێت وکۆنترۆڵی شتەکانت دەکەیت .

دابڕان لەهەوار نیشتمان و هاوزمانی خۆی وای لەکارای شیعری کردووە ڕابردووی بچێتە ئەو دیو یادگەوە . لای شاعیر کاریگەریەکە هەر جوگرافی نییە ، بەڵکو مێژووی کارای شیعریشی داگیر کردووە . بۆیە هەست بەپچڕانی زەمەن دەکات لەنێوان ڕابردوو (مێژوو )≠ ئێستا و ژیان ئەو زەمەنەی کە کارای شیعری تێدا دەژین لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێدایە ، ژینگەیەکی دوور لەو ژینگەی کەتێدا پەروەردە بووە بە ئاو هەوای پێگەییوە ، یادگاری تاڵ و شیرینی تێدا چەشتووە ، بۆیە تاراوگە بەجاری کۆنترۆلی کارای شیعریان کردووە .

ئەم پچڕانە زۆر بەسانایی لەناو هەردوو دەقەکەدا هەستی پێدەکرێت، نووسین پێش ئەوەی دەربڕین بێ لە جیهانی دەرەوە ، دەربڕینە لەناخی نووسەرەوە ، پچڕانەکە هێندە کاریگەرە بۆیە کارای شیعری بەرێگای زەینەوە واتای بەڕێگای بەبیر هێنانەوەش ناتوانین بێتەوە یادی . ئامـاژە بە بێ ئاگایی خۆیان بە تەواوەتی

دەکەن کە چی دەبینن ((ڕووداو بەستنەوەی چالاکییە بەکاتەوە))(١٠) هەرچالاکییەکی مرۆیی کە ئەنجام دەدرێت ، یان ڕووداوێك کە ڕوودەدات بەبێ کات و شوێنێکی دیاریکراو ڕوونادات ، کەچی کارای شیعری بەکاری (نازانم ) هەموو شتەکان نەرێ دەکاتەوە لەهەمان کاتدا توانای ئەوەشی نیشان نادات کە بەرێگای وەبیر هێنانەوەش ڕووداوەکان بهێنێتەوە یاد بەتەواوەی دەست بەرداری نیشتمان و ئازیزان بوونە خۆی ڕووداو ((کۆمەڵە بەسەرهاتێکی ڕێك وپێکە ، یان پەرش وبلاوە لە چوار چێوەی کاتدا )) (١١) . کارای شیعر ئەو هەموو نەزانین و گومانە بە ڕێکەوت لەناو لۆچی گیرفانی جاکەتێکی دەدۆزێتەوە ، هەڵبژاردنی شوێنی ڕوودانی کارەکە ( گیرفانی چاکەت)ە .زۆرلەخاوەن ڕایان دەڵێن : دەبێ (( شوێن لەگەڵ شوێنی ئاسایی هاوجۆر و هاوچەشن بێت )) (١٢) . گیرفان شوێنێکی نەهێندە داخراوە ، کە لەزەینی و دیدی خوێنەربە دوور بێت نەهێندە کراوەیە مرۆڤ دەرکی پێبکات بزانێت چ لەناو ئەو گیرفانەدا هەیە ، بەڵکو زۆر جار بە ڕێگای مەزەندە بتوانین ئەو شتەی کە لەناو گیرفاندایە پێ ئاشنا ببین ڕەنگە زۆرجاریش هەڵە بین ، چونکە مەزەندە زۆرجار تووشی هەڵەمان دەکات . لای هەموو مرۆڤێکی ئاسایی گیرفان بوونی هەیە ، بەلام کێ مەزەندە ئەوە دەکات دەنکە زیخێك لەگیرفانی شاعیر هەبووبێت . مرۆڤ دەتوانین وێنەی گیرفانێکی نموونەی لە مێشکی دروست بکات، بەلام مەرج نییە گیرفانەکە چۆن بێت ( بچووك ، گەورە ) ، ( پان ، درێژ ) گرنگ ئەوەیە وێنەی گیرفان لە مێشکی هەموو خوێنەرێکدا هەیە .

بەرێگای هێما کارای شیعری کاتەکەمان بۆبەیان دەکات ئەویش ( لۆچ )ە لۆچ ئاماژەیە بۆزەمەنێکی بەسەر چوو ، هەر شتێك بۆ ماوەیەکی دوور دەستکاری نەکراو لە شوێنی خۆی لۆچی دەگرێت .




تا کارای شیعری بەیانی ئەوە نەکات چ لەناو گیرفانیدا هەیە ، خوێنەر نازانێت ، بەهەمان شێوە ڕێبوار بۆشوێن ( گیرفانی پاڵتۆکەی ) هەڵبژاردنی شوێن هەر هەمان شوێنی شێرکۆیە ، هەردووکیان ئاماژە بۆکاتێکی بەسەرچوو دەکەن ، ڕێبوار بەشێوازێکی تر زەمەنەکی دیاری دەکات دەڵێ ( پاڵتۆ ) دیارە پاڵتۆش لەوەرزی زستاندا لەکاتی سەرمابوونێکی زۆر لەبەر دەکرێت . ئەو مادەیە واتا نوقل لەو سەردەمەی کە پێشکەش بە ڕێبوار کراوە لە وەرزی زستاندا بووە لەو زەمەنەدا ئەو بەهایە بەمادەکە نەبەخشراوە . کەچی شاعیر لە شوێنێکی دیاری کراوی داناوە ، ئەو مادەیەی کە پێشکەشی کراوە لەگەڵ کەسی پێشکەشکراو لە ڕابردوودا بەهای نەبووە . کاتێك زەمەن

دەڕوات هەموو یادگاریەكان لەگەڵ خۆی دەبات و ڕەشی دەكاتەوەو . چۆن گیرفانەكان دەقیان گرتووە و تووشی لۆچ بوونە ، بەهەمان شێوەش ڕووداوەكانیش بەسەر دەچن و دەق دەگرن. بوونییان لەیادگەی كارای شیعری نامێنێت ، هەموو كەرستەكان بەسەر یەكەوە لەمەنفای هزردا دەبن و دەق دەگرن . لەكاتی كارەسات و نەهامەتیدا ئەگەر لەبیر چوونەوە لەلای خودای مەزندا پێمان نەبەخشرێت ئەوا ژیان لەبەردەوام بووندا دەوەستێ هەموو شتەكان لەگەڵ زەمەنەكە بەكوتا دێن ، بەڵام زۆر جاریش بەگیر وگرفت دادەنرێت كاتێك (( ئەو زانیاری و ڕۆشنبیریەی كەفێر بووینە ئەوكاتە دەمانەوێت نایتەوە یادمان )) (١٣) . لەهەردوو دەقەكاندا بیر چوونەوە بووەتە بەهرەی خودایی .

زەمەنی لەدایك بوونی دەقەكان لەهاندەران بووە واتا شوێنی لەدایك بوونی دەقەكان مەنفا بووە ئەو شوێن و كاتی كە دەق تێدا لە دایك دەبێت بڕیار لە سەر دەقەكە دەدەن ، لای شێركۆ لەدەست دانی خاك و نیشتمانە ، لای ڕێبوار لەدەست دانی ئازیزێكە ، چونكە خۆشەویستی وزەی سۆزگەرایی و ئیرۆسیانەیەی تاكە لەهەر ساتە وەختێك و شوێنێك بێت وەك سێبەر بەدوایەتی بۆیە لەكاتی لەدەست دانی ئەم خۆشەویستە بەهای مادەكە و كەسەكە لە ڕابردوودا بێبەها بوونە. دەتوانین بڵێن لای هەردووكیان ئەو بەهایەی نەبووە ، چونكە مرۆڤ شتێك بەگرنگەوە سەیری بكات و لای گرنگ نەبێت لە ( یادكردنەوەی ماوەی كورت ) (ذاكرە قصيرالمدى ) تۆماری دەكات . پشت گوێ خستنی و بەكار نەهێنانی دەبێتە هۆی بێ هێزی پەیوەندی نێوان كار و كاردانەوەكە تاوای لێدێت لە داهاتوو دا كاردانەوەكە لاواز دەبێت و كرداری لەبیر چوونەوە ڕوو دەدات . (( ڕێژەی لەبیر چوونەوە لەم كۆئەندامەدا زۆر زۆرە ، لەبەر ئەوە توانای عەمبار كردن و پاراستنی زانیاری و ورووژێنەرەكانی ، زۆر كەم و سنوور دارە ، هەر لەبەر ئەوە ، گرنگی نەدان و پشت گوێ خستنی زانیارییەكان و بەكار نەهێنان و تێكەڵ بوونی زانیاری كۆن و نوێ )) یە (١٤) . بەهای مادەكە لە ڕابردوودا نەرێیە و لە ئێستادا ئەرێیە .

لای شێركۆ ( كوردستان ،مەنفا ) دەخرێتە تای تەرازوو ، ئەگەر ( دەنكە زیخ ) بەردی كەعبە بێت ئەی ( كوردستان ) دەبی چێ بێت ؟ لای ڕێبوار (نوقڵ )ێك هەموو ڕۆژەكەی خۆشكردبی، ئەی بەركاری شیعری دەبێت چۆن بێت ؟! مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەرچەندە لە وڵات وخاك و زێدی باب و باپیرانی دوور بخرێتەوە، بەڵام ناتوانێت دەست بەرداری ڕابردووی بێت ، ڕابردووی وەك تارمایەك هەردەم بە دواوەی دەبێت و كۆنترۆڵی یادگە دەكات .

ڕێبوار ململانێكی توند و بەهێز لەگەڵ خودی خۆی و چارەنووس دەكات . هێزی نادیار لەناو هەموو مرۆڤێكدا هەیە ئەو هێزە نادیارە گەورەترین سەرچاوەی نیگەرانی و دوو دڵی مرۆڤی هەستیارە ، لەسەر زەوی هەموومان بەهەشتیكمان بزركردووەلەژیان ئەویش چارەنووسە . بنیات دەنێت لەگەڵ ململانیەكەی دوودڵیش باڵی بەسەر دەكێشێت ، ئەمەش لە نێوان ( فرێدان و فرێنەدان ) ، ( خواردن و نەخواردن ) هەنگاوەكان دوو ئاڕاستەی جیاواز هەنكاو دەنین بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەی . نووسەران (( سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشی بەهۆی گەشە سەندنی ململانێ بە تێپەڕبوونی كات )) (١٥). بە پێی تێپەڕ بوونی كات كەسایەتی و ڕووداوی دەقەكە دیاری دەكرێت . لای ڕێبوار مەنفای دڵ هۆكاری شیرینی نوقڵە هاوكێشەیەكی بنیات ناوە ( شیرینی نوقڵ = بەشیرینی ڕۆژ ).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕۆژ جگە لەکاتە فیزیکییەکەی (( بەدوا هاتنی نوور پێ دەگوترێ ڕۆژ ، هەر وەها ڕۆژی پەیمان و ئەلەست و ئەزەلیشی پێدەگوترێ )) (١٦). زیاتر قوولّ دەبێتەوە دەڵێ : بەلای هەندێ لە سۆفییەکان ڕۆژ پێنج جۆری هەیە (( ڕۆژی ونبوو (مفقود) ، ڕۆژی ئامادە بوو (مشهود ) ، ڕۆژی داهاتوو ( مورود ) ڕۆژی بەڵێندراو (موعود ) ، ڕۆژی درێژکراو (ممدود ) )) (١٧) . نووسەر چەند ڕۆژێکی دیاری کردووە بە پێی بیر و بۆچوونی سۆفییەکان ، بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێی بێت ڕۆژی ئامادە بووە (( ڕۆژی ئامادە بوو ئەو ڕۆژەیە کە تێدای ، ئەگەر کاری چاکی تێدا بکرێ وبەهەل وەربگیرێ ئەوا بەغەنیمەت لەقەڵەم دەدرێ )) (١٨) . بەم پێیە ڕۆژی ئامادە بوو لای شێرکۆ ئەو ڕۆژە بوو کە دەنکە زیخەکەی دۆزیتەوە ، لای ڕێبواریش ئەو ڕۆژە بوو کە نوقڵەکەی دۆزیتەوە .

ڕێکەوت لەهەر دوو دەقەکەدا کاریگەریەکی بەهێزی هەیە ، ئەگەر وەکو درامایەك تەماشای کەین ڕێکەوت بووەتە خاڵی گۆڕانکاری دەقەکە ، چونکە هەڵگەڕانەوەیەکی گشتی بنیات ناوە. ڕووداوەکەی لەدۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی تر بردووە ، ئێستا چەقە ، چەقی ڕوودانی کارەکانە وەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو نادیارانەیە ، ئێستا ((سەرەتای کاتی داهاتوو و کۆتایی ڕابردووشە )) (١٩) ، بەڵام لەم دەقەدا ئێستا تێکهەڵکێش بووە لەگەڵ ڕابردوو . ڕابردوو لە ئێستا نرخ و بەهای پێبەخشراوە .

لەهەردوو دەقەکەدا ئەو ڕۆژە دەکەنە ڕۆژێکی نموونەیی لەژیانیاندا لای شێرکۆ دەنکە زیخێك بووەتە پەرەستگایەکی ئەبەدی ، مادەکە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بەهای پێبەخشراوە ، لای ڕێبواریش بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەر مادەکە داهاتووە، دەشێ (( قەبارەیەکی بچووکی تەن ببێت بەقەبارەیەکی ئێجگار زل و گەورە ))(٢٠ ) . لەدەقەکاندا (نوقڵ و زیخ ) بوونەتە ئەو قەبارە زل و گەورەیە.

زمانی شیعری لەهەردوو دەقدا ، زمانێکی سادە و ساکارە دوورە لەلێلی .شیعر تۆکمەترین هونەرە دەربڕین لەناخی مرۆڤایەتی بکات . هەر دوو دەقەکە دەربڕین لە ناخی کارایی شیعری ، ئەگەر چی زمانێکی سادەیان بەکار هێناوە، بەڵام زۆر هونەریانە لەگەڵ پەیڤەکان مامەڵەیان کردووە . بەکورترین و کەمترین وشە مانایەکی زۆر فراوانیان بەخشیوە. شیعرەکان دەربڕین لەناخی شاعیرەکان. ئەوسەردەمانەی کە دەقەکان لەدایك بوونە شاعیرەکان لە مەنفا ژیاون ، مەنفا باڵادەستە بەسەر هەردوو دەقەکە دا ، بەڵام هەریەك بەجۆرێك مەنفای شێرکۆ مەنفای جۆگرافی و نەتەویی ومێژووییە، لای ڕێبوار مەنفای جوگرافی مەنفای خۆشەویستییە ، خۆشەویستەکەی لەدەستداوە ، پەیوەندی نێوان ((شیعر و زمان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە ))(٢١) . شیعر زۆرجار ڕەنگدانەوەی ناخی کارای شیعری دەبێت ، بۆیە لەم دوو دەقە بە ڕێگای شیعر دەربڕین لەناخی کاراکانی شیعری کراوە .

لەهەردوو دەقدا گواستنەوەیەکی خێرا درکی پێ دەکرێت لە نەزانین و بێ ئاگایی بوون بۆ زانین و ئاگابوون . بازدانی شاعیر لە ((مەبەستی بێ ئاگایەوە بۆ ئاگایی و بازدان لەمەبەستێکەوە بـۆ مەبەستێکی تر))ە (٢٢) .هەر دوو شاعیر مەبەستیان دیار و ڕوونە لە بێ ئاگای بۆ ئاگای ، لەگرنگی نەدان بۆگرنگی دان ، لە بێ بەهای بۆ بە بەهای هەنگاو مەبەستەکانیان دژە هەنگاوە.

ئەمڕۆ شێرکۆ بوویتە چەقی گواستنەوە ((گواستنەوەیەکی کتوپڕ لە جیهانێکەوە بـۆ جیهانێـــکی تر)) (٢٣) . هەردوو دەق لە کۆتاییدا یەك ئامانجیان هەیە. شێرکۆ دەڵێ :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمرۆ بەرێکەوت دۆزیمەوە
دەرم هێنا و ماچم کرد و
کردم بە بەردی کەعبەی گشتی
شیعرەکانم

شێرکۆ بەبێ دوودڵی و گومان بەبێ پشوودان وبیرکردنەوەیەك بەها بە مادەکە دەبەخشێت و دەیکاتە پەرستگایەکی ئەبەدی بۆخۆی وگشت شیعرەکانی. ڕێبوار دەڵێ :

زستان هاتەوە.
ئەو ڕۆژەی کە دەستم بە گیرفانی پالتۆکەمدا کرد
نوقڵەکەم بەدەستەوە هات ،
خەریك بووفڕێی دەم ....
.....کە خواردیشم،
هەموو ڕۆژەکەمی شیرین کرد..!

لەودەقـەدە هەسـت بـەبوونی دەقێـك دەکـەین لـەناو دەقێکـی تـر بـەبێ ئـەوەی شـاعیر ئامـاژەی پـێ بکـات لەپۆلێنکردنی دەقئاوێزان هاواتایمان هەیە ، لێرەدا زۆربەئاسانی هەستی پێ دەکەین .ڕێبوار پاش دوو دڵێکی زۆر و ململانێکی توند بەها بەمادەکە دەبەخشێت ، بەڵام لەکۆتاییدا هەردووکیان یـەك ئامانجیـان هەیـە لـە خاڵێکـدا کۆ دەبنەوە. لە هەردوو دەقەکاندا شاعیران بە نیشانەی سەر سووڕمان (!) شیعرەکەیان کلیل داوە . دەقی ئاوێتـە ئەو دەقەئەدەبییەیەکەلەئەنجامی ئاوێتە کردنی هەندێ ڕەگـەزی ئیستێکی ودوو ژانـری ئـەدەبی ، یـان ژانرێکـی ئەدەبی لەگەڵ ژانرێکی هونەری ، یان زانستی بەمەرجی ئاوێتـە بوونەکە بەرهـەمێکی رەهـاو نـوێ لێـی لـەدایك بووبێت بەفۆرمو دارشتنێکی نوێ بێتە ناو دنیای ئەدەب و هونەر .

ئەگەر بەبۆچوونێکی زانستیانە ئەم دوو دەقە بەرامبەر یەکتری بکەین دەبێ بڵێین بەرهەمەکەی ڕێبوار ئاوێتـە بووە لەگەڵ دەقەکەی شێرکۆ دەقئاوێزان ((تەنها گواستنەوەو وەرگرتن نییە، بەڵکو گۆران ودابڕین نوێبوونـەوەو فراوانکردنی تێدایە )) (٢٤) بەکارهێنانەکەشی یان وەرگرتنەکـەی تـەنیا گواسـتنەوەیەکی رووت نییـە بـەرگێکی تری بەرداهێناوەو بەرووپەکی تر نیشانی دەدات ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ئاوێتە بوونە تا چەند بـەدڵی شـێرکۆ دەبێت ((ئاشکرایە کە پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی ئەم جۆرە کاریگەریەی نێوان شاعیران بەدڵی شاعیری دووەم نابێت ، بەڵام نابێ ئەو نابەدڵییە هیچ کاتێك ببێتە هۆی ئەوەی ئەو دیاردەیـە لـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتیانە دابـڕ بکرێ ، چونکە نـەك هـەر سـوودی ڕاسـتەوخۆی بـۆ ئـەدەبی نەتەوایـەتی دەبێ، بـەڵکو لەبـەر ڕۆشـنایی دا باشـتر دەتوانرێ توانا و دەسەڵاتی شاعیرانیش لەبواری داهێناندا دیاری بکرێ )) (٢٥) . گرنگی ئەوەیە ئەوەی دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەوەی تریان ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست نەدات .

ئەم ئاوێزان بوونە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکان و شارەزابوون لـە بـواری هونـەری شـیعری ، یـان سەرسام بوون پەیدا دەبێت ، دیاردەیەکی تریش کە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێبوار لە ژێر کاریگەری شێرکۆدا بێت ، یان دەقەکەی ئاوێتە کردبێت ، یان سەرسام بووبێت بەو وێنەیـە ئـەویش سـاڵی نووسـینی دەقـەکانی شـێرکۆیە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەلەساڵی ١٩٨٩ دەنکە زیخی نووسیوە ، ڕێبوار لەساڵی (١٩٩٧ـ ٢٠٠٠ ) نووسیوێتی ، ئەگەر چی ڕێبوار لە ژێر دەقەکە نەی نووسیوەکەچ ساڵێك نووسیوێتی ، بەلاّم لە کتێبەکە ئاماژەی بەوە کردووە ئەو بەشەی کە لەو ساڵەدا نووسیووە ، بە پێی هەموو خاڵەکان ڕوونە ، کە ڕێبوار لە ژێر کاریگەری شێرکۆدا ئەو دەقەی نووسیووە ، دەقەکەی شیرکۆی ئاوێتەی دەقەکەی خۆی کردبێت .

لەلایەکی تریشدا ئەم دوو دەقە ، یاخود بلێن ئەم دوو شاعیرە سەربەیەك کەلتوور یەك نەتەوەو یەك زەمەنن یەك جوگرافیاو یەك کۆمەلگایان هەیە کە هەردووکیان لەسنووری پارێزگای سلیمانی لەدایك بوون و ژیاون ، لەتاراوگەدا ئەم دوو دەقە لەدایك بووە لەرووی شوێنی جوگرافی تاراوگەشدا لەیەکتری نزیك بوونە .

خاڵێکی تر هەیە دەمان وروژێنی ئەویش ئەوەیە ئایا شێرکۆش ئەم وێنەی وەرنەگرتوە. ئەگەر بەناو دەقی (سەرگۆن پۆڵس ) گوزەر بکەین هەمان وێنە مان بەرچاومان دەکەوێت لە شیعری (فلس ) دا. سەرگۆن دەڵێ :

بەدرێژایی ڕۆژ

دادە نیشم

خەونم بەو مەتەڵەوە دەبینی:

وڵاتەکەم گافافلسێکم

لەگیرفانی کۆنە چاکەتێکا دۆزینەوە (٢٦)

وێنەکان هەرهەمان وێنەن . (شوێن ، کات ، ڕووداو ) هەرسێکیان ئاماژە بۆ زەمەنێکی بەسەر چوودەکەن . ڕابردوو بووەتە سێبەر بە دواوەیانە . هەر سێ دەقەکە مەنفای جوگرافی ، بووەتە مەنفای روح و خاك و نیشتمان و ئازیزان .

سەرگۆن پۆڵس لە ساڵی (( ١٩٤٤ دا لە شارۆچکەی حەبانیە هاتووەتە دنیاوە ، لەساڵی ١٩٥٦ چووەتە شاری کەرکووك ، لەساڵی ١٩٦٧ دا سەفەری بەیروت کردووە ، لەساڵی ١٩٦٩ دا ڕوویکردۆتە ئەمریکا))(٢٧) هێڵی کارکردنی (سەرگۆن پۆڵس و شێرکۆبیکەس ) هەر هەمان هێڵە . ئەمە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە بوو. ئەم هێڵە لە خانەی باسەکەی من نییە ، چونکە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراووردکاری .

**بەشی دووەم :**

**تارماییی ( هەسان ) ی عەبدولخالق سەرسام لە سەر (ئێوارە یەك لە کوڕنیش دا) ی قوبادی جەلی زادە**

شیعری نۆی بەرهەمی زادەی ناخی شاعیرە ، وێنەی جوان و ئەندیشەی بەرز و مانا چڕ و پڕ و بە پیت و سۆزی ناسکی شاعیرە لەناو دەقەکانـدا بەدی دەکرێت . وێنەکان یەکە یەکە دەخرێنە پاڵ یەکتری هەست بە دابڕان و پچڕانی وێنەکان ناکرێت . لە ناو هەردەقێکدا چەندین دەقی تر لەدایك دەبێت .

شیعری ( هەسان ) شیعرێکی عەبدولخالق سەرسامە لە کتێبی ( لە لێواری گەردووندا ) لە لاپەڕەی ( ٧٨ ) دایەو لەساڵی ١٩٨٠ نووسیوێتی ، کتێبەکە لەساڵی ١٩٩٠ بلاّو کراوەتەوە ئەم دەقە لێواو لێو شیعرێکی عاشقانەیە لەگەڵ هەلکشانی ئەم ڕووداوە ڕەهەندی تازە دەهێنێتە ناوەوە ، کارای شیعری زۆر بەوردی بەناو وردەکاریەکانی ژیانی رۆژانەیدا وردەبێتەوە وەرگرتنی رووداوەکان وەکو خۆیان (( والە چیرۆك دەکات تەنیا ئەرکی تۆمارکردن


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وگواستنەوەیەکی دەقاودەقی رووت بێت )) (٢٨) ، ئەگەر شاعیر رووداوەکەی تێکەڵ بەهەستو سۆزو ئەندیشەی خۆی کردئەوا شاعیر خۆی لەتومارکردنی مێژوو رزگاردەکات ، رووداوی ئەم دەقە ڕووداوێکی واقیعی ژیانی رۆژانەی کارای شیعرییە ٠( ( کارەسات ، رووداو و بەسەرهات دەبنە مایەی هەڵسوراندی ئەو کەرستە سەرەکییە) ) (٢٩). کارای شیعری هێندە بەناخ کەرستەکانی ناو ژوورەکە شۆربووەتەوە ، کەرستەکانی تێکەڵ بەڕووداوەکە کردووە هەریەك لەم کەرستانە بوونەتە کەسایتێك لەناو دەقەکە. وەسفێکی شەفافانەی کەرستەکانی ناو ژوورە وەزیفەکەی دەکات ، وا لە خوێنەر ی دەقەکە دەکات وێنەیەکی پڕ دینامیکی لە زەینی دروست بێت ، وێنەکە لە دوکمێنتێك ، یان فیلمێکی کورت بچێت .تەنیا بە وردەکاریەکانی ناو ژوورەکە ناوە ستێت، بەڵکو کاراکتەرەکە ، یان بەرکاری شیعریەکە زۆر بە وردی وەسف دەکات و بە بەردەوامی بە جووڵەی دەخات و دەیخاتە ڕوو . لە گەڵ هەر جووڵەیێکیشدا وێنەیەك لە دایك دەبێت ، وێنەکانیش هەستی کارای شیعری زیاتر دەجووڵێن وا دەکات بەهرەکەی زیاتر بەگڕو تین وبەهێز بێت دەبێتە کاردانەوەیەکی پۆزتیڤانە بۆ بەهێز بوونی دەقەکە .

عەبدولخالق سەرسام دەڵێ : ـ

سەربامەدە

جووتی گوارەت ئەلەرتەوە

گرژ مەبە

شووشەی کوڵمت

سوورتر ئەبی

....

....

بامێزەکان پێمان نەڵێن

دوو دڵداری هەزرەکارن

نووسراوەخانە دەشیوێنن. (٣٠)

شاعیر جووڵە دەکاتە کلیلی کردنەوەی دەقەکەی جووڵە هێزو بزاوتنە دەربڕینە لەبیرۆکەی شاعیر لەناودەقدا زۆر بەجوانی درکی پێدەکرێت ، چونکە هەر جووڵەیەك لەناو فەرهەنگدا مانای خۆی دەبەخشێت و شاعیر دەڵی ( گرژ مەبە ) لەگەڵ کردنەوەی دەقەکەدا هەست بەبوونی کێشە و ڕووداوێك دەکرێت واتا ڕووداوێك بوونی هەیە بۆیە ( گرژ مەبە ) دەبێتە خاڵی دەستپێك ، یان خاڵی سەرسامکردنی وەرگر. دەتوانین ئاماژە بە ئاڵۆزیی وهەڵکشانی ڕووداوەکە بکەین لە پشت ئەم وێنەوە چەندین وێنە و ڕووداوی تر هەبوونە ، ئەگەرنا شاعیر بەگرژ بوون دەست پێناکات و نایکاتە دەستپێکێك بۆ دەقەکەی و خاڵی سەرسامبوون نادۆزێتەوە .

گرژی کاردانەوەیەکی دژە ، یان دەڵێن هێمایە (( ئەو نیشانانە هێمان کە بۆ لە یەکتری گەیشتن ، یان تێگەیاندن بەکار دێت و ڕەوشت و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی چەسپاندوونی یان بڕیاری کۆمەڵێان لەسەرە )) ( ٣١) . کۆمەڵە هێمایەکمان هەیە مرۆڤ توانای شیکردنەوەو تێگەیشتی هەیە هێماکان زمانی قسەکردنن ((جەستەی ئەکتەر ئەو نێوەندە کارایەیە کە لە ڕێگایەوە دەقە ئەدەبییە کە لەسەر شانۆ دەردەخرێت )) (٣٢) .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ڕێگای جووڵە بەردەوامەکانی بەرکاری شیعری دیمەنێکی بینراو دێتە بەر دید و زەینی خوێنەر، شاعیر دەڵێ:

گرژمەبە

شووشەی کوڵمت

سوورتر ئەبی

گرژی کاردانەوەیە ، ئەم کاردانەوەیەش وێنەیەکی لەسەر دەمو چاوی بەرکاری شیعرەکەدا دروستکردووە زیاتر کاردانەوەکە نەرێ بوونە بەرامبەر بەکارەکە. زیاتر وێنەکە ، وێنەێکی وروژێنەری لە پشت ئەم وێنەیە خۆی حەشارداوە بۆیە شووشەی کوڵمی سوورتر دەبێت . سوور بوون بارێکی نائاساییە، یان دەتوانین بڵێین دیاردەیە کەلەهەندێ بار و کاتدا مرۆڤ تووشی دەبێت. لەکۆمەڵگای ئێمەدا مرۆڤ لەکاتی شەرم کردندا سوور دەبێتەوە . ڕەنگی سووریش بەپێی واتاکانی زۆر واتا لەخۆ دەگرێت . یەك لەواتاکانیدا (خوێن )ە . خوێنیش لەکاتی شەرم کردندا لەسەر کوڵم زۆرتر کۆدەبێتەوە ئەمەش دیاردەیەکی فیسولۆژیە .لەلایەکی تریشدا ڕەنگی سوور واتا (ژیانێکی تووڕە و خوێناوی دەگەینێت) . کاری تووڕەبوون کاردانەوەیەکی یەکجار توندە لای بەرکاری شیعری دروست بووە . گرژی وسوور بوون کارو کاردانەوەی یەکترین دەتوانین بڵێین : ( تووڕە بوون + شەرم ) کردن = بەسوور هەڵگەڕانی کوڵم . لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە زیاتر هێزی خۆشەویستی لای کاری شیعری بنیات دەنرێت چەندە بەرکاری شیعری کاردانەوەی توند بنوێنی گۆڕانکاری بەسەر دابێت هێندە گڕوتین و بەهرەی شیعری کارای شیعری زیاتر دەبێت . کردارەکە کردارێکی پێچەوانەییە ، لەگەڵ زیاد بوونی نەرییەکان وتووند نواندنی بەرکاری شیعری خۆشەویستی و بەهرەی کارای شیعریش ڕوو لە زیاد بوون دەبێت .ئەگەرچی کاردانەوەی بەرکاری شیعری نیگەتیڤانەیە کەچی لای کارای شیعری پۆزەتیڤانەیە و تامەزرۆی زیاتر دەبێت. بۆیە وێنەی دواتر جەخت لەسەر ئەم بوارە دەکاتەوە و وێنەیەکی تر لەدایك دەبێ . هەر جووڵەیەکیش وەسفێکی جوانی لە پشتەوەیە ، بەڕێگای جووڵەکان بیرۆکەکان دەردەبڕیت . بەرکاری شیعری بەرامبەر داواکراوەکان ناڕەزایی نیشان دەدات ، بۆیە لەگەڵ هەر داواکراوێك جووڵەیەکی نیشان دەدات هەر جووڵەیەکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە .شاعیر وێنەکە درێژتر دەکاتەوە وەکو کێشی موگناتیسی یەك ئەوەی تریان کێشی دەکات وێنەکان شێوەی زەنجیرەیان هەیە. دەڵێ :

سەر بامەدە

جووتی گوارەت ئەلەرتەوە

زێتر دڵم خۆی ئەدات

بەدەستتەوە

لەگەڵ هەرکاردانەوەیەکی بەرکاری شیعری ، کاردانەوەیەکی ترلەلای کارای شیعری دروست دەبێت. لەگەڵ هەر ئەنجامدانی کارێکی نەرێ بوونی بەرکاری شیعری هێندە بوونی ئافرەتایەتی خۆی دەسەلمێنێت. (گوارە )خشڵێکە تایبەتە بەئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا واتا موڵکی ئافرەتایەتی پێوەیەدیارە، لەرینەوەی گوارەش نازە و ئافرەتایەتی واتا (انپی) یتی زیاتر نیشان دەدات .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەگەڵ دەرکەوتنی ناز و ئافرەتایەتی زیاتر کارای شیعری بەر داوی خۆشەویستی دەکەوێت دەبێتە خۆبەدەست دانی دڵی کارای شیعری . کارای شیعری بەردەوام دەبێت لەسەر وەسف کردن ، بەڵام ئەو جارە جیا لەجاری پێشوو وەسفی دەکات . ئەمجارە بەرە و کەرستەکانی ناو ژوورەکە گوزەر دەکات وەکو کەسی سێیەم ئاگاداری چیرۆکی ئەم دوو دڵدار و ڕووداوی ناو ژوورەکەن .کەرستەکان هێندە لەناو کێشەکاندا تواونەتەوە تاوای لێهاتووە بوونەتە کارەکتەرێك لەناو دەقەکەدا . دەڵێ :

فایلی سەوز فڕێ مەدە
بازنەکانت ئەچریکێن
بڵێ ی بترسێم !!؟

کارای شیعری گومان لەخودی خۆی دەکات و لەگەڵ خودی خۆی دێتە دووان دەڵێ : ( بڵێ ی بترسێم!!؟ ) لەگەڵ پرسیارکردنەکەی سەرسامیش نیشان دەدات . ئەوکاتەی کارای شیعری لەگەڵ خۆی دێتە دووان ڕاستگۆترین دووانە ، چونکە (( لەناو زەینی خۆیدا دەدوێت باسی تایبەترین شتەکانی ناو دەروونی خۆی دەکات )) (٣٣) لە دیوێکی شاراوە و نەهێنیدا لەگەڵ هێزێکی دیارا دێتە دووانو گوزارشت لە ئێش وئازارەکانی خۆی دەکات و تایبەترین کێشەی ناو دەروونی خۆی بەیان دەکات ، لەگەڵ هزر وبیری خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ . کارای شیعری لەو ناخە نائارامە ودوودڵیە دەژیت بۆیە ئاماژە بەترس دەکات ، ئەوترسەش بەهۆی ( چریکەی باران ) دروستبووە .لەگەڵ ئەو هەموو سوور بوونەی کە بۆخۆشەویستەکەی هەیەتی، ئەو هەموو هیوا و ئاواتەی کە لەناخیدا چەکەرەی کردووە یەکسەر زەنگێکی هۆشیارکردنەوە، هۆشیاری دەکاتەوە. ڕەنگی سەوز هێمایە بۆ (هیوا بوون ، سوور بوون ، دڵنیایی...) کەجی سەرسام دەچێتەباری دوودڵی هیوا وئاواتی لەگەڵ ترس تیکەڵ دەبێت بۆیە ئەوهەموو شتەی وەك ( فایلی سەوز ، چریکاندنی بازن ، ترس ) لەوێنەکدا کۆ دەکاتەوە .

ئامانجی کارای شیعری وێنە کێشانی بیرۆکەکانی خۆیەتی ، خستنە ڕووی ئەو بیرۆکەیەش زۆر جار بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێت ، یان ئەم بیرۆکەیە ڕەنگدانەوەی ناخی خۆیەتی لەبەرهەمەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە. نووسینی ئەم دەقەی سەرسام ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیرە بۆئەوەی بەرکاری شیعری پێ وشیار بکاتەوە . واتا ئەو دەقە جیهانی تایبەتی کارای شیعریە ، کەلەپێناوی ئامانجێکدا داڕێژتووەئەویش خۆشەویستیە .

زەمەنی پێش نووسینی دەق زەمەنێکی زۆرگرنگە، پێش نووسینی هەردەقێکی ئەدەبی دەبێت هۆکارێك هەبێت کارای شیعری بوروژێنی تا بیرۆکەیەك لای دروست ببێت و ببێتە هۆی دارشتەوەی بیرۆکەکە ، چونکە بیرۆکە لەناکاو گۆڕانکاریەکی بە هێزی بەسەر دادێت و دەگۆڕێت بۆ ئالە واتا بۆ ئامرازی دەربڕین . بۆ دۆزینەوەی بەهای هەردەقێك پێش لە دایك بوونیدا ، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆکارای شیعریەکە ، یان نووسەرەکە ، پاشان کە دەقەکە لە دایك بوو ئەوە بەهاکەی لە دەستی ڕەخنەگر دەبێت . ڕەخنەگر پردی پەڕینەوەیە لە نێوان دەق و خوێنەر . هەر دەقێك پەیامێکی هەڵگرتووە دەیەوێت ئەو پەیامە بە خوێنەر ڕابەگەێنێت ، ئینجا چ پەیامێکە ئەوە پەیوەندی بەهزری کارای شیعری هەیە ، ئەو پەیامەش بە ڕێگای پردی پەڕینەوە ڕوون دەکرێتەوە . هەردەم بیر و بیرکردنەوە کارای شیعری دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز و کاریگەرە بۆ دەق .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئێوارەیەك لە كوڕنیشی دا دەقێكی شیعری قوبادی جەلیلی زادەیە لەگۆڤاری بەیان ژمارە (١٢٨) شوباتی ، ساڵی ١٩٨٧ لە لاپەڕەی (٥٩) دا هاتووە شاعیر هەر هەمان وێنە دەخاتە ڕوو . دەڵێ :

زەردە .. ناوت نازڕێنی

بەس سەرداخە.

سینگیان بوخچەی نهێنی یە!

كۆترەكانی ئەم قەراخە !

شەرم مەكە لەو چنارە ..

زۆری دیوە ...

....

. ...

....

لێوەكانت مەخە سەر یەك

با بەس دیجلە پێمان بڵێ

ئەم دوو كوردە ناگەن بە یەك !! (٣٤)

پێش ئەوەی ئەم دەقە بخەینە بەرتیشكی لێكۆڵینەوە پێویستە ئاماژە بەگۆڕانكاریەكانی بكەین . شاعیر لەناو دیوانەكەیدا هەندی وشەی دەستكاری كردووە .

( بەبارتەقای پەلك وپاری ) لە دیوانەكەیدا دەڵێ ( بەبار تەقای گەڵاو پۆپی ) پاشان ( كەڵەكەتی ) ، ( شۆخ وشەنگی ) ⟵ ئەمانە كۆمەڵێ وشەن دەتوانرێت لە بڕی یەكتربەكار بهێنرێت ، بەڵام لەكۆتایی دەقەكەدا دەڵێ : (ئەم دوو دڵە ناگەن بەیەك !!) .

بەشێوەیەكی گشتی دەقەكە هەمان وێنەی بیرۆكەی سەرسامە دەتوانین بڵێین دەقی سەرسام لەناو دەقی قوباد تواوەتەوەئەگەر سەیری دەقەكەی بكەین دەبینین شوێن لای قوباد ( كوڕنیش )ە . شوێن لەناو دەقدا دەلالەتی خۆی دیاری دەكات ، دەبێتە ڕوونكردنەوەش بۆبیرۆكەی دەقەكە بابەت و شوێن پەیوەندی دارن بە ڕووداوەكە، ئەگەر چی شوێن لای سەرسام شوێنێكی داخراوە ، بەڵام شوێنەكە پەیوەست بە خۆشەویشتەكەی و ڕووداوێكی چڕ و پڕ و واقیعی خۆی، بۆیە نەی توانیوە دەستكاری شوێنەكە بكات ئەگەر چی (( شوێن زیندوێتی تایبەتمندی دەبەخشێتە ڕووداوەكە )) . (٣٥)

لەبەر ئەوەی شاعیر نەی توانیوە تەكنیكێكی تر بەكا ربهێنێت ، بەڵام قوباد لە هەڵبژاردنی شوێنەكە وریایانە هەڵیبژاردووە ومامەڵەی لە گەڵ كردووە .شوێنەكە ، شوێنێكی كراوە و ڕۆمانسییە، یەكسەر خوێنەر لەگەڵ ناو نیشانی دەقە توانای ئەوەی دەبێت وێنەیەك لای خۆی دروست بكات ، چونكە شوێن پەیوەندی دارە بە ڕووداوەكە هەر ڕووداوێكیش كەش و هەوای تایبەت بە خۆی هەیە . كاتی شاعیر شوێنێك هەڵدەبژێری دەبێت بیر لەوە بكاتەوە ئایا ئەو شوێنە دەبێتە زەمینەیەكی لەبار بۆ ڕوودانی ئەم كارە .

كارای شیعری یەكە یەكە كەرستەكانی ئەم شوێنە دەخاتە ڕوو وەك (زەردە ، كۆترەكانی قەراخە، چنار ... ) ە سروشت دەكاتە كلیلی كردنەوەی دەقەكە واتا بە وەسفی شوێنەكە دەست پێ دەكات . دەڵێ :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زەردە .. ناوت نازڕێنی
بەس سەر داخە
سینگیان بوخچەی نەهێنی یە
کۆترەکانی ئەم قەراخە !
شەرم مەکە لەو چنارە ...

ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیکییە وسروشتییە سەرچاوەی ڕەنگەکان لە سروشتەوە چەکەرەی کردووە . لای زانایان (( ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیاوییە ڕۆشنایی و بینراوەکانی سروشت سەرچاوە سەرەکییەکانی پێك دەهێنێت و چاویش هۆکاری بینینە )) (٣٦) . ڕەنگ بەچاوی هەر مرۆڤێکی ئاسایی هەر مان ڕەنگە ، بەڵام زۆر جار ڕەنگدانەوەی دەروونی وکۆمەڵایەتی دروست دەکات ئەویش بەپێ ڕێکەوتنی کۆمەلایەتی و ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژیت ، چونکە هەر ڕەنگە و گوزارشتە لەبیرۆکەیەك .

کاریگەری ڕەنگ لەسەر هونەرمەندان گرنگی خۆی هەیە ، چونکە (( بەهۆیڕەنگێك حاڵەتێکی دیاری کراو دەر دەبڕێ وبە هۆی ڕەنگێکی تر حاڵەتێکی تر )) (٣٧) . ڕەنگ هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هەستی کارای شیعری ( سووری کوڵمی ) سەرسام و ( زەردی ) قوباد هەریەکەیان پەیامێکی کارای شیعریە .

( زەردە ) مەبەستی زەردەپەڕی ئێوارانە وەرگرتنی ڕەنگەکە دەگەڕێتەوە بۆ سروشت ، وێنەیەکی دەقاو دەقی سروشتە لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ناونیشانی دەقەکە دەکاتەوە ، ئەگەر شاعیر باسی لە ئێوارە نەکردبایە ، خوێنەر بە زەحمەت دەتوانێت دەقەکە تێبگات ، ڕەنگە هەر خوێنەرێك بە جۆرێك ئەو زەردەی لێکبداتەوە ، چونکە ڕەنگەکان (( ناوهێیانیان ئیحای کۆمەڵێك بابەت لای وەرگر دەوروژێنێت وهەر ڕەنگێك چەندین دەلالەت دەبەخشێت )) (٣٨) هەر ڕەنگە و پەیوەستە بەرووداو شوێنەکە بەهۆی ڕەنگەکان کەشێکی لەبار بنیات بنێت .

لەبەکار هێنانی کارەکانی ناو هەردوودەقەکە دەبینین شاعیرەکان ئەوکارانەیان کەبەکاریان هیناوە زۆر لە یەکتری نزیکن، لای سەرسام (گرژ مەبە) لای قوباد ( تووڕە مەبە ) هەر دووکییان بەیانی ئەو بارە نائارامە دەکەن کە بەرکاری شیعری تێدایە هەردوو دالەکان یەك مدلوولیان هەیە دەتوانرێت لەبرِی یەکتر بەکار بهێنرێت ، ئەو بارە نائارامە کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکەی دروست کردوووە ، واتا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە نا ئارامە لەسەر شێوەی دەم وچاوەکان ڕەنگی داوەتەوە.

شاعیرەکان بە بەردەوامی لە جووڵەدان ، دەقەکانییان پڕە لە وێنەی جووڵاو (( ئەو وێنە دینامیکیەیەکە بەبەردەوامی سروشتی تێدایە و تیشکە واتاییەکانی هەرگیز ناوەستی، جووڵە دەرخستنی پەیوەندییە شاراوەکانە . هەر جووڵەیە گیان دەداتە بەر وێنە وچالاکی و بەردەوامی پێدەبەخشی )) (٣٩ ) جووڵە دوای جوڵە لەدەقەکەدا هەست پیدەکرێت .

لەهەر دوو دەقەکە هەست بە زیندەکی دەکەین ، چونکە پڕیەتی لە کەرستەی بەرجەستە لای قوباد سروشت نەهێنی پارێزی دڵدارانە ، سروشت هەردەم چاوی پۆشیوە لەو دیاردانە کەلەژینگەکەیدا ڕوودەدات بۆیە دەڵێ :(بەس سەر داخە) هەردوو دەقەکە پێش کردنەوەی کلیلی دەقەکە بانگراوندیکییان هەیە ، واتا ڕووداوێك


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕووی داوە بووەتە هۆکاری ورووژاندنی شاعیر بۆ لەدایك بوونی ئەم دەقە ، لای هەردووکیان ناز لە لووتکە دایە ، ناز لای سۆفییەکان (( ناز ئەو مەعشووقەیە کە عاشقی خۆی لە عەشقەکەیدا قووت دەدا ، هەندێکیش دەڵێن : ناز هەڵخەڵەتاندنی عاشقە لە لایەن معشووقە)) (٤٠) . (شەرم + ناز ) لەناو دەقەکان تواونەتەوە و ئاوێزانی یەکتری بوون .

هەر دیاردەیەك لەباری ئاسایی لای ئافرەت چووە دەرەوە ئەوا هێزێکی خۆنەویستی فشاری بۆ دەهێنێت ، بۆیە ( شەرم ، ناز ) تێکەڵ بە یەکتری بوون نەرێ کردنەکان بە جووڵە دەربڕینی لێ دەکەن .

ئاراستە کردنی هەردوو شاعیر ئاراستەیەکی داخوازیە بە ستایلێکی گلەیی و دیالۆگ ، دیالۆك ئامزای گەیاندنەلەنێوان مرۆڤەکان ، لەهەردوو دەقەکەدا کارای شیعری دەدوێت بەرکاری شیعری بەجووڵە کردەوەکان و دیاردەکان بخاتە روو ، دەتوانین بڵێن هەردوو دەقەکەپشتیان بەرەگەزی درامابەستووە لەودەقانەدا دیالۆك بویتە دیارخستنی رەهەندەکان (( گفتوگۆ رەهەندەکانی کارەکتەر وبنەماکانی دراما و بابەتەکان و ڕووداوەکمان پێ ئاشنا دەکات )) (٤١)

• بەناو هەردوو دەقەکە شۆر دەبیتەو گلەیەکان هەنگاو بە هەنگاو ڕوو لە زیادی دەکەن ئەمەش پەیوەندی بەو ڕووداوە هەیە کە ڕوویداوە ، واتا ( شەرم +وناز ) کە تێکەڵ بە یەکتری بوون . بۆیە پەنا بۆ ئەم وشانە دەبەن (بەس سەر داخە ، شەرم مەکە ، دوور مەکەوە ، خۆ نەمگوتووە تووڕە مەبە ،لێوەکانت مەخە سەر یەك، گرژ مەبە ، سەر بامەدە ، سەر دامەخە ، فرێ مەدە ) هەمووئەو کارانەی بەکارهێناوە بەڕێگای هێما ڕەهەندی بەرکاری شیعری دیاریکراوە .

سەرسام پەنا بۆ ڕۆژ دەبات ڕۆژ ڕەمزە بۆهاتنی ژیانێکی نۆی ، یان لادانی زوڵم و زۆرداری وخەفەت ، ئاسوودەیی ..... دەڵێ ( ڕۆژ پێنج نوێژ وئاسوودەیی تێدایە هەیە ). ڕۆژ و نوێژی بەیەکەوە بەستیتەوە . نوێژ بریتیە (( لە ڕووتێکردنی دەروون بە حەق وهاودەمی لەکاتی حزوور دا وبەرەو حەق هاتن و پشت کردنە غەیری حەق و دەوامی کەشفکردن لەگەڵ حەق ومەقامی ڕاز و نیاز ))(٤٢) .شاعیر مرۆڤێکی پڕ لە هیوایە وئومیدە باوەری بەوەی هەیە، کە ڕۆژی پێنج جار مرۆڤ بەرەو دەروونی حەق ڕادەوەستی دەبێت پاك بێتەوە لەبارانی خودا پەرەستی ، چونکە مرۆڤ بەگیانێکی پاك بەرەو ڕووگەی خودا دەوەستێت وچاو پێکەوتنی لەگەڵدا دەکات لەهەمان کاتدا دەبێت دڵ ودەروونیش پاك ببێتەوە لەکەسی بەرامبەر واتا روحێکی لێبووردەی لەناخی دا چەکەرە بکات ئەوەی خوا دۆست بێت دەبێت فەرمانەکانی خودا جیبەجێ بکات .

دەقەکان بەرەو لووتکە دەچن هەر دووکیان ڕوویان لە ئەندامێکی هەستیاری مرۆڤ کردووە ئەویش ( پەنجە )یە . مرۆڤ بە ڕێگای پەنجەکانی هەست بە بەرکەوتن دەکات لە هەر دوو دەقەکە وێنەیەکی دەقاو دەق بۆ ورووژان بەکار هێنراوە .سەرسام دەڵێ:

ئەو پەنجانەی ...

دووگمەی سوخمەت .. دەترازێنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**قوباد دەڵێ:**

**خۆنەمگوتووە**
**بە پەنگری کوانووی سینگت**
**پەنجەکانم گەرم کەوە !!!**

**ئەگەر سەیری فۆرمی دەقەکان بکەین لە ڕووی خاڵبەندیەوەش زۆر لەیەکتری نزیکن بە بەکار هێنانی ئامرازی (؟) ، (!) ، (!!) ، (؟!) ، ( ... ) لەهەمان کاتدا دابەشکردنی ڕووی لاپەڕە ڕەش و سپی وەکو یەك دابەشکراوە. لە ڕووی بەکار هێنانی (کارەکان)ەوە ، کارەکانیش لە ڕووی ژمارەوە لە یەکتری نزیکن.**
**سەرسام دەڵێ : ( سەر دامەخە ، شەرم مەکە ، دوور مەکەوە ، تووڕە مەبە ، مەخەسەر یەك ، ناگەن بە یەك ) ، جگە لەو فرمانانە فرمانی تری بەکار هێناوە ، بەڵام مەبەستی ئێمەوەرگرتنی ئەو فرمانە سەرەکییانەن کە سەر بابەتەکەمانن. سەرسام ( ٥ ) فرمانی بەکار هێناوە ، قوباد ( ٦ ) فرمانی هاوشێوەی ئەوی بەکار هێناوە . لە کۆتایی دەقەکە هەردووکیان ، دەقەکەیان کلیل داوە بە.**
**سەرسام دەڵێ :**

**رۆژی جارێك تۆ ئاشتبەوە**
**با مێزەکان پێمان نەڵێن**
**دوو دڵداری هەرزکارن**
**نووسراوخانە دە شێونێت**

**قوباد دەڵێ :**

**تووڕە مەبە،**
**لێوەکانت مەخەسەر یەك**
**بابەس دیجلە پێمان بڵێ**
**ئەم دوودڵە ناگەن بە یەك!!**

**بەو وێنەیەی کۆتایی دەتوانین ئاماژە بە وەرگرتنی دەقەکەی سەرسام بکەین ، وەرگرتنەکەش دەقاو دەق نییە شاعیر(( سوودی لەبیرۆکەی کەسانی تر یان لەوێنەو دەربڕینێکی دیارکراو وەردەگرێت ، بەلام دەقاودەق وەك خۆی دەرناکەوێت )) (٤٣) هەروەرگرتنێك یاساو ریسای تایبەت بەخۆی هەیەو چەندین ڕێگامان هەیە یەکێك لە ڕێگاکان هەڵمژینە ، دەتوانین بڵێن قوباد دەقەکەی سەرسامی تێکەڵ بەدەقەکەی خۆی کردووە دەقێکی تری لێ هەڵهێنجاوە . جگە لەمانەی سەرەوە ساڵی نووسینی دەقەکەی سەرسامە کەزۆر لەیەکتری نزیکن ، شاعیرەکانیش ، شاعیری یەك سەردەمن ، ئەم دیاردەیە هەر لەنێو میللەتی ئێمە دا نییە ، بەڵکو لە نێو زۆربەی گەلاندابوونی هەیە.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ نموونە

حافظ دەڵێ :

***چوعاشق می شدم گفتم ببردم گوهر مقصود***

***ندانستم که این دریا ، چه موج حونفشان دارد ( ٤٤)***

حافف دەڵێت :کاتێك کە عاشقی مەی بووم وتم بە گەوهەری مردا گەیشت واتا بە ئاواتی گەیشت کەچی نەمزانی ئەم دەریایە ، چ شەپۆلێکی خوێن پڕژێنی هەیە.

سهراب دەڵێ :

دست از دامان شب برداشتم

تابیاویزم بەگیسوی سحر

خویش را ازساحا افکندم در اب

لیکن از ژرفای دریا بی خبر*(٤٥)

واتا دەستی لە ڕۆژی ناخۆش هەڵگرتووە وهەنگاو بەرەو ڕۆژە خۆشەکان دەبات ، مەبەستی ئەوەیە خۆی هاویشتە داوی خۆشەویستی بەڵام نەیزانی ژیانی خۆشەویستی پڕە لە ئازار ومیحنەت . ئەمەش تەنیا بۆروونکردنەوەو دەولەمەند کردنی باسەکەیە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەنجام :

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە :.

١. ئاوێزان بونی دەقەکان ، یان وێنەکان لە ئەنجامی سەرسام بوونەوە دروست دەبێت کارای شیعری دووەم سەرسام دەبێت بە بەدەقە کەیە ، لەدەقەکەشدا چ بەوێنەکان سەرسام بێت ، بەزمانی نووسین ، وشە ، لایەنی جوانکاری ، یان کەسایەتی نووسەر ... ). بەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی سەرسام بوونەکە بۆ نێو جیهانی شیعری خۆی ، دەقێکی نوێ و جیهانێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت .

٢. ئاوێزان بوونی بەشێوەی ڕاستەوخۆ ، یان نا ڕاستەوخۆ دەبێت ، بەڵام ئەو دەقانەی کە لەم لێکولینەوەدا هاتووە هیچیان ئاماژەیان بەوەرگرتنەکەیان نەکردووە .

٣. ئەو زەمەنەی کە شێرکۆ بێکەس شیعری (دەنکە زیخی ) تێدا نووسیوە لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، بەهەمان شێوەش زەمەنی نووسینی دەقی ڕێبوارسیوەیلیش لە دوورە وڵات بووە.

٤. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئەگەر چی ژینگە و کەلتوور و جوگرافیا و مێژووی وڵاتێکی تر باڵی بەسەرەوە کێشابێ وکۆنترۆڵی کردبێ ، کە چی ڕابردوو وەکو سێبەر تارمایی خۆی بەسەر دادەسەپێنێت . ڕابردوو موگناتیسە لەسەرێکەوە کێشمان دەکات و لەجەمسەرەکەی تردا وەلامان دەنێت .

٥. خاڵی ورژێنەری دەقی (دەنکە زیخ ) ، مادەیەکی بچووک گۆڕانکاریەکی گەورەلەناو دەقەکەو ژیانی شێرکۆ دروست دەکات ودەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. خاڵی ورژێنەری دەقی ڕێبوار (نوقلە ) .ئەم نوقلە بچووکە گۆڕانکاریەکی تەواو لە دەقەکەو ژیانی ڕێبوار درووست دەکات ئەویش خۆش بوونی ڕۆژێکە بەتەواوەتی ، ئاراستەکە کردارێکی پێچەوانەییە .

٦. شێرکۆ لەدەقەکەیدا کار لەسەر نیشتمان دەکات ، بەڵام ڕێبوار لەدەقەکەیدا باس لە شتێك دەکات کە بەشێکەلە نیشتمان ، ئەویش ئافرەتە ، ئافرەت تاکێکە لەو نیشتمانەی کەشێرکۆ تیدا دەژیت .

٧. عبدالخالق سەرسام ، کار لەژوورێکی وەزیفی خۆی دەکات ، بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆمان بەیان دەکات وەکو فلیمێکی سینەمایی هەموو کەرستەکانی ژوورەکەو ئافرەتەکە دەخاتە ڕوو ، وەسف باڵی بەسەر دەقەکە کێشاوە ئەو شوێنی کارکردنی شوێنێکی داخراوە ، بەڵام لە دیدەی خوێنەر بەدوور نییە.

٨. قوبادجەلی زادەکارلە شوێنێکی کراوەو ڕۆمانسی دەکات لەگەڵ ناو نیشانی بابەتەکە وێنەیەك لەلای خوێنەر دروست دەبێت ، چونکە کۆرنیش بوونی هەیە لە مێشکی خوێنەر بەهەمان شێوە وەسف باڵی بەسەردەقەکە کێشاوە ، وەسفی کارەکتەر وشوێنەکە دەکات .

٩. هەردوو شاعیرەکان ئاماژەیان بە وێنەی یەکتر نەکردووە دیارە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام ساڵی نووسینی دەقەکان هۆکارێك و بەڵگەی زانستێکی بەهێزە. بۆدەستنیشانکردنی لایەنی وەرگرتنی وێنەکان . دەتوانین بڵێین ڕێبوار وێنەکانی، یاخود کاریگەری شێرکۆبێکەسی بەسەرەوە دیارە ، بەهەمان شێوەش قوباد لەم دەقەدا کاریگەری عبدالخالقی بەسەرەوە دیارە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەراوێزەكان :


١- شێركۆ بێكەس ، دیوانی شێركۆ بێكەس ، بەرگی (٢) ،سوید ، ٢٠٠٩ ، ل٧٦٥.

٢- ڕەسووڵ هەمزە تۆڤ ، داغستانی من ، وەرگێڕانی ، عەزیز گەردی ، كتێبی دووەم ، بەغداد ١٩٨٥ ، ل ٣٣.

٣- ڕێزان ساڵح مولوود ، ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی كلاسیك وڕۆمانتیكی كوردی لە كرمانجی خوارو ، نامەی ماستەر ، زانكۆی كۆیە ، ساڵی ٢٠٠٧ ، ل ١٠٤ .

٤- محەمەدی مەلاكەریم ، دیوانی گۆران ، نێوەندی چاپ وپەخشی ڕێنمای، سلێمانی ، چاپی (٣) ،٢٠٠٤ ،ل ٤٦ .

٥- سەركەوت پێنجوینی ، تاسەی غوربەت لەشیعری نۆی تاراوگەدا ، گ . ڕامان ، ژ. (٤٨) ، ٢٠٠٠ ، ل٥١ .

٦- شێركۆ بێكەس ، ئەزموون ، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی یاسین عومەر ، زنجیرە كتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، ژمارە (١٢٥) ، سلێمانی ،٢٠٠١ ، ل ١٤٧ .

٧- ڕێبوار سیوەیلی ، زمانی عەشق ، زەمەنی ئەنفال ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ١٤٨ .

٨- سەباح ڕەنجدەر ، شەڕی چل ساڵە ، دەزگای چاپ وبلاَوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ،ل ١١.

٩- سمیر شریف ، الأنماگ التحویلیە من الجملە الاستفهامیە العربیە ،المورد ، عدد (١) ، مجلد (١٨) ، سنە١٩٨٩،ص١٧

١٠-محمد زغلول ، دراسات فی القصە العربیە الحدیپە ، بدون السنە الگبع ،ص ١١ .

١١-نادیە مروان احمد ، السرد عند الجاحف ، رسالە دكتورا ، كلیە الاداب ، جامعە الموصل ،٢٠٠٤ ص ١٢٨

١٢-یاسین النصیر ، الروایە والمكان ، دارالحریە الگباعە ، بغداد ، (ج ـ ١ ) ،١٩٨٠ ، ص ١٧ .

١٣- عاقل ، فاخر، علم النفس التربوی وتگبیقاتە التربویە ، بیروت ،١٩٧٨، ص ٢٢١ـ ٢٢٢ .

١٤-كەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایكولۆژیای پەروەردەیی ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل١٤٧

١٥-گۆران سەباح غەفوور ، توخمەكانی ڕومان ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە (١٩٤) ، هەولێر ،٢٠٠٥ ، ل٣٨ .

١٦- ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، كاریگەری مەحوی لەسەر سەید ئەحمەد نەقیب و حەمدی دا ، گۆڤاری زانكۆ ژمارە (١٥) ، هەولێر كانوونی ٢٠٠٢ ، ل٢٣ .

١٧- هـ . س . پ .

١٨- هـ . س . پ .

١٩-حسام الالوسی ، الزمان فی الفكر الدینی والفلسفی القدیم ، بیروت ،گ (١) ، ١٩٨٠ ، ص ١٥٥.

٢٠-محمد عبدالگیف مگلب ، القنبلە النیترونیە ، الموسوعە الصغیر (١٠٢ ) ، منشورات دارالجاحف ـ بغداد ، ص ١١

٢١-سعیدالغانمی ، المعنی والكلمات ، بغداد ،١٩٨٩ ، ص٥٨ .

٢٢- حازم القرگاجی ، تقدیم وتحقیق محمد لحبیب بن جوخە ، منهاج البلغاو وسراج الادباو ، بیروت ، گ (٢) ، ١٩٨٠ ص ٣٦٤ .

٢٣- حسن ناقم ، مفاهیم الشعریە ، گ (١) ، بیروت ،١٩٩٤ ، ص ١٦ .

٢٤-شنۆمەحەمەد مەحمود ، دەقئاوێزان لەشیعری نۆیی كوردیدا بەنموونەی ( پیرەمێرد ، گۆران ، لەتیف هەلمەت ) ، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاَحەددین كولێژی ئاداب ،٢٠١١ ، ل ١١.

٢٥- دڵشاد عەلی محەمەد ، دیلان وتاقیكردنەوەی شیعری ، نامەی دكتۆرا ، زانكۆی سەلاَحەدین ، هەولێر ،١٩٩٦ ، ل٦٥



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٦- جەلال زەنگەبادی ، ٥١ چامەی هەڵبژاردەی سەرگۆن پۆلس ، گۆڤاری پەیڤین ، ژمارە (٢٣) ، شوباتی ٢٠٠٩ ، ل ١٦٠ .

٢٧- هـ . س . پ . ل١٥٠-١٥١ .

٢٨- ادواردبلشن ودياناوبتغاير ، ت .سامی محمد ، الروايه –صنعه الكتابه الروايه ، دارالحريه للگباعه ، بغداد، ١٩٨١، ص ٧٤

٢٩- حوسێن عارف ، نهێنیەكانی هونەری چیرۆك نووسین ، گ .رۆڤار ، ژ (٢٧ ) ، سلیمانی ،٢٠٠٣ ، ل٤٨

٣٠-عبدالخالق سەرسام ، لەلێواری گەردووندا ، دارلحريه الگباعه ، بغداد ، ١٩٩٠ ، ل ٣٠ .

٣١- محەمەد معرووف فەتاح ، زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ ، ل ٤٤.

٣٢- شوڕش محەمەد حوسێن ، جووڵە لەشانۆدا ، ڕۆژنامەی برایەتی ، ئەدەب و هونەر ، ژمارە (١٣٦ ) ، ١٩٩٩ ، ل١٠.

٣٣- نەجم خالد نجمالدين ، تەكنیكی دایەلۆك لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا ، د. نەجم خالد نجمالدين ، گ زانكۆزانستە مرۆڤایەتیەكان ، ژ(٢٤) ، هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ٢٩٢

٣٤- قوبادی جەلی زادە ، ئێوارەیەك لە كۆرنیش دا ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (١٢٨) ،١٩٨٧ ، ل٥٩ .

٣٥- یاسین رەشید حەسەن ، ناوەڕۆك و تەكنیك لەدرامای كوردی ( ١٩٩١-٢٠٠٢ ) ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلیمانی ، ٢٠٠٤، ل١٦١ .

٣٦- قادر میرخان ، خەیاڵ و روح چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری كوردی ، دەزگای لێكۆڵینەوەی چاپ وپەخشی سەردەم ،٢٠٠٤ ، ل٢٤٣ .

٣٧- سمير على الد ليمى ، الصوره فى التشكيل الشعرى ـ تفسير بنوى ، گ(١) ، بغداد ، بدون سن الگيع ص ٦٧ ـ ٦٨ .

٣٨- پەخشان سابیرحەمەد ، رەمز لەشیعری هاوچەرخی كوردی كرمانجی خواروو ساڵی(١٩٧٠ ـ١٩٩٠) ،نامەی دكتۆرا ، زانكۆی سەلاحەدین،هەولێر،٢٠٠٢،ل٢٩٥

٣٩- سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا (١٩٧٠ـ ١٩٩٠ ) ، بلاوكراوەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ٢١٩ .

٤٠-ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ٣١٩.

٤١-ئا.روجر ت. درينى خشيه ، فن الكاتب المسرحيه ، مصر ،١٩٧٨، ص ٤١١-٤١٢ .

٤٢-ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، ل٣٢٦

٤٣- مەحمەد عەبدولكەریم ئیبراهیم ، زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبی نوێ ، كولێژی پەروەردە زانكۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٩ ، ل٥٥ .

٤٥- شهره وكيلى ، حافف ، پدر سهراب سپهری ، پسر ساكنان كنگرەی عرش ، چاپی دوم ، نشر پيكان ، تهران ، ١٣٨٦ ، ل ٥٥

٤٦- هـ . س . پ .

سەرچاوە کورد ییەکان :

١- ئەزموون ، شێرکۆ بێکەس ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی یاسین عومەر ، زەنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، ژ (١٢٥) ، سلێمانی ، ٢٠٠١

٢- ئەندێشەی شیعری لە نێوان رێبازی کلاسیك و رۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروو ، رێزان ساڵح مولوود ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٧

٣- ئێوارەیەك لەکۆرنیش دا ، قوباد جەلی زادە ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (١٢٨) ،١٩٨٧ .

٤- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ - ١٩٩٠ ) ، سەردار ئەحمەد گەردی ، بلاوکردنەوەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ .

٥- تاسەی غوربەت لەشیعری نۆی تاراوگەدا ، سەرکەوت پێنجوینی ، گ . رامان ، ژ. (٤٨) ، ٢٠٠٠ ، ل٥١ .

٦- توخمەکانی رۆمان ، گۆران سەباح غەفوور ، گۆڤاری کاروان ، ژ (١٩٤ ) ، هەولێر ٢٠٠٥.

٧- جووڵە لەشانۆدا ، شورش محەمەد حوسێن ، ڕۆژنامەی برایەتی ، ئەدەب و هونەر ، ژمارە (١٣٦ ) ، ١٩٩٩.

٨- ٥١ چامەی هەڵبژاردەی ، سەرگۆن پۆلس جەلال زەنگەبادی ، گۆڤاری پەیڤین ، ژمارە (٢٣) ، شوباتی ،٢٠٠٩ .

٩- خەیاڵ و روح چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی ، قادر میرخان ، ، دەزگای بلاوکراوەی چاپ وپەخشی سەردەم ، ٢٠٠٤ .

١٠- دیوانی شێرکۆبێکەس ، ب (٢) ، سوید ،٢٠٠٩ .

١١- دیوانی گۆران ، محەمەد مەلاکەریم ، نێوەندی چاپ وپەخشی ڕێنما ، سلێمانی ، چاپی (٣) ، ٢٠٠٤ .

١٢- دیالێکتێکی ( وردیلەیی و قەبەیی ) لە هۆنراوەی ((جوانی بێ ناو )) ی گۆراندا ، لەتیف مەحمەد حەسەن ، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ، ژمارە (١٥) ، کانونی دووەم ساڵی٢٠٠٢ .

١٣- دەڤئاوێزان لەشیعری نۆیی کوردیدا بەنموونەی ( پیرەمێرد ، گۆران ، لەتیف هەلمەت ) ، شنۆمەحمەد مەحمود ، نامەی دکتورا، زانکوی صلاحەددین کولێژی ئاداب ،٢٠١١.

١٤- داغستانی من ، رسووڵ هەمزە تۆف ، وەرگێڕانی : عەزیز گەردی ، کتێبی دووەم ، بەغداد ، ١٩٨٥ .

١٥- دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، دلشاد عەلی محەمەد ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەلێر ، ١٩٩٦

١٦- رەمزلە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروو ساڵی (١٩٧٠ - ١٩٩٠ )، پەخشان سابیر حەمەد، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەلێر ، ٢٠٠٢ .

١٧- زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبی نۆی ، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم ، کولێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٩ .

١٨- زمانە وانی ، محەمەد معروف فتاح ، هەولێر ،١٩٩٠ .

١٩- سایکۆلوژیای پەروەردەیی ، کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سلێمانی ،٢٠٠٨

٢٠- سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا : ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، ، چ (١) ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٢١- شەڕی چل ساڵە ، سەباح رەنجدەر ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٥ .

٢٢- فەرهەنگە سۆفیانەی دیوانی جەزیری و مەحوی ،ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، هەولێر ، ٢٠١٠ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٣- لەلێواری گەردووندا ، عبدالخالق سەرسام ، دارالحریه الگباعه ، بغداد ، ١٩٩٠ .
٢٤- ناوەڕۆك و تەکنیك لەدرامای کوردی ( ١٩٩١-٢٠٠٢ ) ، یاسین رەشید حەسەن ، ناوەڕۆك و تەکنیك لەدرامای کوردی ( ١٩٩١-٢٠٠٢ ) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلیمانی ، ٢٠٠٤ .
٢٥- - نهێنیەکانی هونەری چیرۆك نووسین ، حسێن عارف ، گ .رۆڤار ، ژ (٢٧ ) ، سلیمانی ، ٢٠٠٣ .

سەرچاوە عەرەبییەکان :

١- الرواية –صنعة الكتابة الرواية ادواردبلشن ودياناوبتغاير ، ت .سامى محمد ، دارالحرية للطباعة ، بغداد، ١٩٨١.
٢- الرواية والمكان ، ياسين النصير ، دارالحرية الطباعة ، بغداد ، ج (١) ، ١٩٨٠ .
٣- الزمان فى الفكر الدينى والفلسفى القديم ، حسام الالوسى ، ط (١) ، بيروت ،١٩٨٠.
٤- السرد عند الجاحظ ، ناديه مروان احمد ، رسالة دكتورا ، كلية الاداب ، جامعة الموصل .٢٠٠٤
٥- الصورة فى التشكيل الشعرى ، تفسير بنوى ، سمرعلى سميرالدليمى ، ط (١) ، بغداد بدون سن الطبع .
٦- القنبلة النيرترونية ، محمد عبدالطيف مطلب ، ، الموسوعه الصغيره (١٠٢) بغداد .
٧- المعنى والكلمات ، سعيد الغانمى ، بغداد ، ١٩٨٩ .
٨- الأنماط التحويليه فى الجمله الاستفهامية العربيه ، سمير شريف ، المورد ، ع (١) ، مجلد (١٨) ، ١٩٨٩ .
٩- دراسات فى القصة العربيه الحديثه ، محمد زغلول ، بدون سنة الطبع الأنماط التحويليه فى الجمله الاستفهامية العربيه ، سمير شريف ، المورد ، ع (١) ، مجلد (١٨) ، ١٩٨٩ .
١٠- علم النفس التربوى وتطبيقاته التربوية ، عاقل ، فاخر ، بيروت ، ١٩٧٨ .
١١-فن الكاتب المسرحية ، ئا.روجر ت. درينى خشية ، مصر ،١٩٧٨ .
١٢-مفاهيم الشعرية ، حسن ناظم ، ، ط (١) بيروت ، ١٩٩٤ .
١٣- منهاج البلغاء وسراج الادبا ، حازم القرطاجى ، تقديم وتحقيق محمد لحبيب بن خوجه ، ، بيروت، ط ( ٢ ) ،١٩٨٠ .

فن الكاتب المسرحية ، ئا.روجر ت. درينى خشية ، مصر ،١٩٧٨ .

سةرضاوةى فارسي:.

- شهرة وكيلى ، حافظ ، ثدر ، سهراب سثهرى ، ثسر ، ساكنان كنطرةى عرش ، ضاثى دوم ، نشر ثيكان ، تهران ، ١٣٨٦ .

## ملخص البحث

التناص وصورة شعريه مشتركيه لعدد من الشعراء الكورد المعاصرين هذا البحث بعنوان ( التناص فى بعض نصوص الشعر الكوردى المعاصركاشعار( شێركو بيكەس و ريبوار سيوڤيلى ، عبدالخالق سرسام و قباد جەلى زادة ) إذا نظرنا الى دواوين الشعريه من الشعر الكلاسيك الى اليوم نحدد صور مشتركه فيما بينهم ، لكن خط عملى هو بحث شعر المعاصر من الشعراء المعاصرين نحد صور مشتركه كثيره فيهما بينهم، لكن لانستطيع ان نستعرض جميعهم فى هذاالبحث .

فى هذا البحث استعرضنا أربعه شعراء معاصرين وهم ( شێركۆ بێكەس ،رێبوار سيوڤيلى ) ، (عبدالخالق سرسام ، قوباد جەليل زادة ) وقارنا نصوص شعراحدهما مع الأخر ، أشرنا الى صور مشتركه فيما بينهم ، وفى النهاية وجدنا التأثيرات ، وأحسن أو أقوى دليل للتأثير هوسنة كتابة النصوص بدليل علمى .

بشكل عام ينقسم هذا البحث الى قسمين مع مقدمه وخاتمه والنتائج التى توصلت اليها:.

**الفصل الأول :ـ**

فى هذا الفصل عرضا نصوص شعريه للشاعرين (شێركو بيكەس ، ريبوار سيوڤيلى ) وقارنا النص الأول مع النص الثانى .

أ. النص الاول (دنكة زيخ ، نقطه رمل ) لشێركو بيكەس

ب. نص الثانى ( من الفصل الثالث فى كتابه (لغة العشق ، زمن الانفال ) للشاعرو كاتب ريبوار سيوڤيلى جاء فى النص الثالث فى الصحيفه (١٤٨)

فى هذين النصين أشرنا الى جميع أوجه التشابه و الأختلاف فيما بينهم وبعد ذالك أشرنا الى التأثيرات .

**الفصل الثانى :ـ**

فى هذا القسم عرچنا النصوص شعريه للشاعرين ( عبدالخالق سرسام ، قوباد جەليل زاد) وقارنا النص الأول مع النص اليانى.

أ. نص الأول : (هه سان،حجرالسن،مسن) عبدالخالق سرسام .

ب. نص الثانى : (مساو فى كورنيش) لقباد جليل زاده

ولخصت فى الخاتمه اهم النتائج التى توصل اليها البحپ بعده نقاگ.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# Abstract

This study is entitled ''shared poetic images among some Kurdish contemporary poets." Form classical poetry till modern poetry, some shared images among poets are noticed, but the scope of the study is contemporary poetry. Due to abundance of these images, it is impossible to present all of them in this research.

In this study four contemporary poets named Sherko Bekas, Rebwar Siwaili, Abdulkhaliq Sarsam and Qubad Jalilzadeh are taken as a sample. The texts are compared and the shared images are identified. Finally the influences are presented. The best and scientific evidence for the influence is the year in which the texts are written.

Generally, apart from introduction and conclusion, the study is in two chapters. In chapter one the two poetic texts of Sherko Bekas and Rebwar Siwaili are compared. The first text is "Danka Zikh"  by Bekas, and the second one is the third text in page 148 of siwaili's book entitled "Zimani Ashq , Zamani Anfal". First similarities and the differences are shown and the influences are identified. In chapter two, the two poetic texts of Sarsam's "Hassan" and Jalilzadeh's "Ewarayak la kornoshda" are compared. The points of similarity and difference are presented. As an example the influence of Persian poetry are identified. The study ends with some conclusions.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)